# حاڵەتێکی دیکەی تای خوێنبەربوون لە هەولێر دەستنیشان کرا



وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: حاڵەتێکی دیکەی تای خوێنبەربوون لە هەولێر دەستنیشان کرا، ئەویش ئافرەتێکی دانیشتووی قەزای بەعاجی سەر بە پارێزگای نەینەوایە.

یەکشەممە 18ـی ئایاری 2025، وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا، ئاماژەی بەوە دا: هاووڵاتییەکی خێزانی قەزای بەعاجی سەر بە پارێزگای نەینەوا تەمەن 27 ساڵ، دوای بوونی نیشانەکانی تای خوێنبەربوون، ڕوو لە شاری هەولێر دەکات بە وەرگرتنی چارەسەر لە نەخۆشخانەی هەولێری فەرکاری.

وەزارەتەکە باسی لەوەش کرد، بەهۆی بوونی نیشانەکانی نەخۆشی تای خوێنبەربوون و چێندین ڕەکاری دەستنیشانکردن و چارەسەری پزیشکی دەگیرێتە بەر، ئێستا لەشاری هەولێر لەژێر چاودێری چە لە نەخۆشخانە خۆیندراوە و چارەسەر وەردەگرێت.

وەزارەتی تەندروستی داوا لە هاووڵاتییان دەکات، پابەندیی ڕێنماییەکان بن و لەکاتی بوونی گومان و

نیشانەکانی نەخۆشی لەسەر ئاژەڵ، پێویستە تیمەکانی ڤێتێرنەری ئاگادار بکەنەوە.

هاوکات دەبێت: بەرکەوتووانی بەخۆوکردنی ئاژەڵ یان بەرهەمەکانی ئاژەڵ، لەکاتی بوونی هەر نیشانەیەکی ناتەندروست، بەخێرایی سەردانی نەخۆشخانەکان بکەن بە دواکەوتن.

بە پێی داتا و ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی، لە ماوەی مانگی ئابردوودا تەنیا 2 حاڵەتی تووشبوون بە تای خوێنبەربوون دەستنیشان کران، یەکەکیان لە شاری دهۆک بوو، بەڵام لەبەر قورسی باری تەندروستی گیانی لەدەست دا، هەروەها حاڵەتی دووەمیش دوای وەرگرتنی چارەسەر بە تەواوەیی چاک بووەوە و لە نەخۆشخانە دەرچوو.